# نەبوونی خوشکی بانگخواز

## فەراغێکی ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکانە

**مودریک عەلی عارف**

ڕێکخراوی "یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان" یەکێکە لە چالاکترینو خزمەتگوزارترین ڕێکخراوە خزمەتگوزارو داکۆکیکارەکانی مافەکانی ژنانو ئافرەتان لە هەرێمی کوردستانداو ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی ئەو توێژە بە مافو ئەرکەکانیانو لە ماوەی چەند ساڵی کارکردنیشیدا -بەو توانا مادیو ئیمکانیاتە کەمەی کە لە بەردەستیدا هەبووەو، بەو ئەندازە بواردانەی کە لە لایەن حکومەتو دەسەڵاتەوە بۆی فەراهەمکراوە، توانیوویەتی ببێتە هۆی نەهێشتنو کەمکردنەوەی چەندین دیاردەو دابونەریتی نەشیاوی کۆمەڵگەی کوردەواریو، پێشکەشکردنی چەندین ئاکارو هەڵسوکەوتو مامەڵەی جوانو، پێگەیاندنی سەدان کەسی لێهاتوو لە بوارە جیاوەزەکانو، ڕەخساندنی هەلو دەرفەت بۆ تواناو بەهرەکانی خوشکانو، نموونەیەکی جوانی لە کاری ڕێکخراوەیی پێشکەش بەم کۆمەڵگەیە کردووە.

بەڵام بەداخەوە بۆ ڕێکخراوەیەکی جەماوەری ژنانی کە بە مەرجەعیەتێکی ئیسلامی کار بکات، بە ڕاستی جێگەی سەرنجو تێڕامانو لەسەر وەستانە کە پاش (١٥) ساڵ لە کارو خەباتو بڕینی چەندین قۆناغی جیاواز لە کاری ڕێکخراوەییو، خزمەتێکی جوانو فراوانی پەروەردەییو سلوکیو ئەخلاقی، هێشتا ئەم ڕێکخراوە کاریگەرو جەماوەرییە، کەسێکی بانگخوازی دیاری نەبێتو نەیتوانیبێت ڕەمزێکی دەعەویو بانگخوازێکی جەماوەری دروستبکات.

پێدەچێ کەسێک ئەم قسەیەی ئێمە بە ناڕاست یاخود لانی کەم بە ناتەواو بزانێتو بڵێت ئەی ئەوە نییە هەموو ئەو کچو ژنو خوشکانە دەعوەو بانگەواز دەکەنو، بە شێوەیەک لە شێوەکان سەرقاڵو خەریکی کاری ئیسلامیو پەروەردەکردنی ئاینین؟! جا چ لە ناو ئۆرگانە حیزبیو گۆڕەپانە سیاسییەکەدا بێت، یان لە ناو پەرلەمانو دەزگاو فەرمانگە حکومییەکاندابێت، یاخود لە ناو جەمارو دۆستو لایەنگراندا بێت.

بەڵام ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە ڕەمزی دەعەویو بانگخوازی دیارو بەناوبانگە، کەسێک کە بەڕاستی هەموو جەماوەر بە بانگخوازو داعی بزانن نەک تەنها ئەندامانی ڕێکخراوەی یەکگرتووی خوشکان، ئەم قسەیەش ئەو کاتە زیاتر لەبەردەمماندا خۆی نیشاندەدات کە هەلومەرجی ئێستا زۆر لەبارو گونجاوە بۆ ئەم ڕۆڵو ئەرکە گرنگەو، هۆکارەکانی دروستکردنو دەرخستنی خوشکی داعیو بانگخوازیش لەبەردەستتدایەو، لە ماوەیەکی زەمەنی کەمدا دەکرێتو دەتوانرێت ئەم کارە گرنگو بایەخدارو پیرۆزە ئەنجامبدرێت، ئەویش بە هۆی سوودوەرگرتن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی "بینراو، بیستراو، خوێنراو"ەوەو بەشداریکردن لە خولەکانی پێگەیاندنی ئافرەتانی سەرکردەو وۆرک شۆپو خولەکانی گەشەپێدانی مرۆیی.

هەمووان ئەوە باش دەزانینو دەبینین کە "یەکگرتووی خوشکانی ئسلامی کودرستان" کەسی سیاسەتوانو نووسەرو ئەدیبو شاعیرو ڕۆژنامەنووسوپەرلەمانتاروئەکادیمیوڕاگەیاندنکارو -تا ڕادەیەکیش هونەرمەند- ی هەیەو پێگەیاندووە، جا چ بە جوهدو هەوڵی شەخسی کەسەکان خۆیان بووبێت، یان بە جوهدو هەوڵو ڕەخساندنی هەلو دەرفەتی ڕێکخراوەیی، کە جێگەی دەستخۆشیو ڕێز لێگرتنە، بەڵام بەڕاستی کەموکورتیو لاوازییە بۆ ئەم ڕێکخراوەیەو جێی ڕەخنەیە کە تا ئێستا کەسێکی داعیو بانگخوازێکی جەماوەری ئەوتۆی نییە کە بشێت پەنجەی ئاماژەی بۆ ڕاکێشرێتو لەو بوارەدا کاراو دیارو ناسراو بێت.

بە بڕوای من ئەم ڕەخنەیە لە کاتێکدایە کە لە ناو "یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان"دا کەسی لەو شێوەیە هەیە کە ئەو تواناو لێهاتووییەی هەیەو لەو ئاستەدایەو لێی ڕادەبینرێت کە ببێتە داعیو بانگخوازێکی دیارو ناسراوو سەرکەوتوو، بەڵام یان ئەوەیە خوشکان زۆر ئەرکو ڕۆڵو بواری کارکردنی خۆیان نازانن، یاخود ئەم کارو ئەرکە -کە دەبێ لە ئەولەوییاتی کاریاندا بێت- بە گرنگی نازاننو تەنها بوارە سیاسیو ڕێکخراوەییو حکومییەکانیان بەلاوە گرنگە، یان هەر هۆکارو پاساوێکی دیکە کە بایی ئەوە نابێت ئەو بوارە گرنگو بایەخدارە فەرامۆشو لەبیر بکرێت.

هەرکام لەم هۆکارو حاڵەتانە بێت، ئەوە شیاوی ڕەخنەو لەسەر وەستانو پێداچوونەوەیەکی وردو جەوهەرییە بە ئەرکو کاری ڕێکخراوەیی ئەم ڕێکخراوەیەدا، کە فیکرو بۆچونێکی ئیسلامی میانەڕەوو پاشگرێکی "ئیسلامی" بە ناوەکەیانەوە هەیەو بە دڵنیاییەوە کە مەرجەعییەتی کارکردنیشیان هەر ئاینی ئیسلامەو ئەمەش لە مومارەسەو کارو خەباتی چەند ساڵەی ڕابردوویاندا دیارەو شایەتی ئەو ستراتیژەیانە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئایەتە پیرۆزانەی قورئانو هاوشێوەکانیاندا کە خوای گەورە دەفەرمووێت: (وَمَنْ يَعْمَلْ مِنَ الصالحات مِنْ ذَكَر أَوْ أُنْثى وَهُوَ مُؤمنٌ فَأُلئكَ يَدْخُلونَ الجَنةَ وَلايُظْلَمُونَ نَقيراً.] النساء (١٢٤). هەروەها ئایەتی (وَالمُؤمنُونَ وَالمُؤمنات بَعْضُهُمْ أَوْلياء بَعْض يَأْمُرُونَ بالمَعْروف و يَنْهَونَ عَن المُنْكر وَيُقيمُونَ الصَلوةَ وَيُؤْتُونَ الزَكاةَ وَيُطيعُونَ الله وَرَسُولَهُ أُولئكَ سَيَرْحَمْهُمُ الله..) التوبة (٧١).



دڵنیام لەوەی کە خودی خوشکان ئەوە باش دەزانن وەک چۆن لەسەر پیاوانو ڕەگەزی نێرینە ئەرکەو پێویستە کە کاری دەعوەو بانگەواز ئەنجامبدەن، بە هەمانشێوەش لەسەر خوشکانو ژنانو ڕەگەزی مێینەش پێویستە کە ئەو کارە ئەنجامبدەنو لەو گەیاندنی پەیامەدا بەشدارو هاوکاربن.

ئومێدەوارم بۆ ساڵیادی داهاتووی ئەم ڕێکخراوەیە ئەم ڕەخنەو کەموکورتیەشیان نەمێنێو قۆناغو هەنگاوێکی دیکە بچنە پێشەوەو خزمەتێکی زیاتری ئاینیو پەروەردەییو دەعەوی بکەن بە چینو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بە گشتیو توێژی خوشکانو ژنان بە تایبەتی.

# بۆ کاروانچیانی هاوڕێم

**هەڵاڵە محەممەد**

خۆڕێکخستن بۆ کارێکی گەورەی وەک خۆڕاگەیاندنی ڕێکخراوێکو بوونی ئامانجو دروشمو بەرکردنەوەی لافیتەی خزمەتکردنو هۆشیرکردنەوەی کۆمەڵگە، پێویستی بەئیرادەو هێزیکی بەتینە. دیارە بۆ دەستەبەرکردنی مافو دەرخستنی ڕووی جوانی ئیسلامو داڕشتنەوەی بیرێکی میانڕەو نەپساوو گونجاو بەڕۆحی سەردەمو هۆشیارکردنەوەی ژنان بەماناکانی ژیانەوەو هێنانە مەیدانی خەباتو تێکۆشانی ئیسلامیو شارستانی.

یەکگرتووی خوشکان (١٥) ساڵە وەک ڕێکخراوێکی مەدەنیو خاوەن پێگەی بەهێز لە کوردستاندا، هەمیشە لە کاردابووە بۆ زامنکردنو هێنانەدی هیواو ئامانجەکانی کە سەرجەمیان لە پێناو کۆمەڵگە بەگشتیو بەختەوەری ژنانو کچانو خێزانە، بەتایبەتی..

من لێرەدا نامەوێت باس لەسەروەرییو سەرکەوتنەکانی یەکگرتووی خوشکان بکەم، ئەوەندەی دەمەوێت ئاماژە بە پاراستنی دەسکەوتو سەروەرییەکانو فراوانکردنیان لە هەردوو ڕووی چەندایەتیو چۆنایەتییەوە بکەم.

بیری سەرجەم خوشکانی کاروانچیانی ئەم ڕێکخراوە خۆشەویستە گەشت پێبکەم بۆ ووردبوونەوەو لێکۆڵینەوە لە ژیانی خوشکانو ژنانی پێش خۆمان، کە چۆن لەگەڵ بوونی چەندان ئاریشەو کێشە لەهەوڵو تیکۆشانی بەردەوام دەبوونو ڕازی نەدەبوون (رخصە) وەربگرن، بەڵکو دروشمی بڵندی سەربەرزانەی (عزیمە) یان هەڵگرت بوو.

نوسەیبە ئاسا بەهەموولایەکدا پەلاماریان دەدا بەبێئەوەی هەست بەهیلاکی بکەن، بەبێ بۆڵە، بەبێ خۆقوتارکردن، بەبێ... هتد

ئەزموونێکی جوانیان بۆ خۆیانو بۆ مێژووی ژنی کورد تۆمارکرد، ئەوکاتە هیچ خەمو پەژارەیەک نەبوو بەئەندازەی پەیوەندیکردنو کارکردنو دوانەکەوتن لە کاروان، گەورەو کاریگەر بێت.

چونکە خوشکانمان خەونی چەندین ساڵەیان هاتبووەدی، بۆیە بەڕاگەیاندنی یەکگرتووی خوشکان خۆشی لەهەموو ماڵو کوچەو کۆڵانو وشارو شارۆچکەیەک سەدای دەداو شادی بەدڵان دەبەخشی.

لە ١٩٩٤/١٠/٢٦ پایزی کوردستان بەهاراوی بوو..

لەیادمە هاوڕێکانم بەیانی هەتا ئێوارە کۆششیان دەکردو ماندوبوون بەڕووخساری کەسیانەوە دیارنەبوو، چەند جوان بوون ئەو ڕووخسارانە.. فریشتە ئاسا لەدەوری یەکتر بەردەوام کۆدەبوونەوە.

لێرەدا دەمەوێت هەڵوێستەیەک بکەم لەبارەی ئەوانەی ئەم کارەیان ڕادەگەیاندو لایلایەیان بۆ کرد خوشکانی ئێمە بوون، پێویستە چاویان لێبکەین، ئەوان چیانکرد خوای گەورە پشتیوانیان بوو؟ ئێمەش ئەوەبکەین بۆئەوەی خوای گەورە پشتیوانمان بێت، چونکە خۆی فەرمویەتی: (والذين جاهدوا فينا لنهدينهم سبلنا)، پێویستە خووە ناپەسەندەکانی مرۆڤ لە خۆماندا دەربکەین نەیانهێڵین، ماناکانی خوشکایەتیو ڕێزگرتنو هەستکردن بەئازاری یەکترو متمانەبوونو کارکردن لەبەرخوا جارێکی تر بڕوێنینەوەو گەشەی پێبدەین.. ئێمە دەبیت خاڵی بەهێزی ئەوان وەربگرینو پەیامەکەمان باشترو جوانتر بگەیەنین، پەیامی ئێمە پەیامی خزمەتکردنی خێزانو چاکسازیو گەشەپێدانە بەژنو کۆمەڵگەو خزمەتکردنی خەڵکە.. بشزانین هیچ کات لەو خزمەتە تووشی زیان نابین، بەڵکو قازانجو براوەی دونیاو خۆشەویستی لای پەروەردگار دەبین.

کێ لەئێمە ئازایە بالەم ساڵیادەدا دەستیبهێنێتو دەستبخاتە ناودەستی خوشکەکەیو پەیمانی خزمەتکردنو خەمخواردنو بەردەوامی دووپاتبکاتەوە.

با ئاریشەو ڕێگرەکانیش زۆربن، دەبێت بەوورەیەکی بەتینو پۆڵاینەوە ڕووبەڕووی هەموو ئاستەنگەکان ببینەوە، وەک خوشکانی ڕابردوومان لەبەردەم هەموو بەربەستو ئاستەنگێکدا بووەستینو خەممان خەمی پاراستنو گەشەپێدانی کۆمەڵگە بێتو هەنگاوە زێڕینەکانی یەکگرتووی خوشکان بەردەوام بکەینو درێژەی پێبدەین، سەربەرزانە بیسپێرین بەخوشکانی دوای خۆمان.